# پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا

## ((کەناڵی NRT و کوردستان 24 بەنموونە)

**محمد عمر صالح**[1] **پ.ی.د.سیروان ئەنوەر مەجید**[2]
[1] بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە پوختەی هەڵێنجراوی بەشێک لە نامەی ماستەر بە ناونیشانی: پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا) کەناڵی NRT و کوردستان 24 بەنموونە(، ئەم تۆێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بە ئامانجی زانینی ڕادەی پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بنەما و پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، کە تێیدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و.(k24).

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە هاوکاری میدیاکاران دەبێت بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چۆنیەتی وێنەگرتن و بەکارهێنانی وێنەی ڤیدیۆیی؛ وێڕای گونجاندنی لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا. هاوکات، گرنگیدانی زیاتر بە گۆشەکانی وێنەگرتن لەساتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، یاخود هەر بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی؛ بەشێوەیەک کە لەگەڵ تێکستی هاوپێچی ڤیدیۆکە بگونجێت و یەکتر بگرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە: کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا پابەندنەبوونە بەو پێوەرە هونەرییانەی کە پێویستە لەکاتی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنیدا ڕەچاو بکرێن، دیارترینیان ئەو هەڵەیەی لە وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەرچاودەکەوێت گرتەی یەکەمە، کە پشتیان بەستوە بە گرتەی (MEDIUM SHOTS) لەجیاتی.(LONG SHOTS) هاوکات، زۆربەی ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەند نەبوونە بە کاتی ستانداردی ڕاپۆرتەهەواڵ کە بریتییە لە (کەمتر لە 2:30خولەک).

**کلیلە وشەکان: پێوەرە هونەرییەکان، وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی، ڕاپۆرتە هەواڵ**

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 يونيه 2022؛ قُبل في 7 أغسطس 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف mohammed.saleh@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 محمد، د. سيروان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## 1. پێشەکی

وێنەی ڤیدیۆیی بە یەکێك لە هونەرە هەرە گرنگ و پڕ بەهاکانی بواری ڕاگەیاندن و بەتایبەت تەلەفزیۆن و میدیای نوێ ئەژمار دەکرێت، کە دەبێتە یارمەتیدەری دەق(تێکست) بۆ گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان لەڕێگەی ئاراستەکردن بۆ هەستی بینینی وەرگر بە شێوەیەکی سادە و ساکار و متمانەپێکراو. وێنەی تەلەفزیۆنی ئاستی تێگەیشتن و ناساندن بۆ کێشە و بابەتە جیاوازەکانی ژیانی ڕابردوو و ئێستامان ڕوونتر دەکات، بەوپێیەی کەرەستەیەکە بۆ گەیاندنی ناوەرۆکە میدیاییەکان، بەتایبەتی لەکاتی چالاکی و ڕووداوەکان.لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بە پشتبەستن بە ئەزموونی کردەیی کارکردنی خۆی لە بواری وێنەگرتنی ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافی، هاوکات نزیکی و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ وێنەگران م میدیاکاران لەمیانەی کارکردنی لە میدیای ناوخۆیی و جیهانیدا، تێبینی کۆمەڵێك کەم و کوری پیشەیی کردووە، کە خۆی لە لاوازی ئاستی پابەندبوونی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتن دەبینێتەوە. ئەمەش زۆرجار کاریگەریی نەرێنی لەسەر ناوەرۆك و پەیامی میدیایی ئەو تەلەفزیۆنانە دەبێت. بۆیە دەکرێت بڵێین کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی گرنگترین ئەو لادان و کەموکوڕی تەلەفزیۆنەکان سەبارەت بە وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی و دەستنیشانکردنی ڕادەی پابەندبوونیان بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی.گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوە دەبینێتەوە، کەوا توێژەر بەشێوازێکی زانستیانە و بابەتیانە تیشک دەخاتە سەر وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی؛ وێڕای گرنگترین ئەو پێوەرە هونەریانەی وێنەگرتن کە لە ڕاپۆرتە هەواڵیەکاندا بە کارهاتووە. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا) توێژینەوەیەکی وەسفیە، تێیدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆك بەکارهاتووە، بۆ ئەو مەبەستە دوو کەناڵی هەواڵی وەک نموونە وەرگیراوە، کە بریین لە کەناڵی (NRT) و(K24). هۆکاری دەستنیشانکردنی ڕاپۆرتە هەواڵیەکانی ئەو دوو کەناڵە وەك نموونەی توێژینەوە بریتیە لەوەی ئەم دوو کەناڵە، کەناڵی هەواڵیین، وە لە ڕووی کوالیتی کەرەستە و تەکنیکی وێنەگرتنیشەوە لە ئاستێکی باشدان، هەروەك لەڕووی خاوەنداریەتی و سیاسەتی ڕاگەیاندن و شوێنی کارکردنەوە لە یەك جیاوازن و، گوزارشت لە دوو مۆدێلی جیاوازی کارکردن دەکەن. لێرەدا ژانری ڕاپۆرت وەرگیراوە بەهۆی زیندوویەتی و بایەخی زۆری ئەو ژانرە لە کاری میدیاییدا. هاوکات ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانەی کە وەرگیراون لەماوەی 1- 3 تا 31-3 ی 2022 لەگەشتە هەواڵییەکانی کاتژمێر 8ی ئیوارە بڵاوکراونەتەوە. میکانیزمی هەڵبژاردنی ڕۆژەکانمان لە توێژینەوەکەدا بەمشێوەیە بووە: لە مانگێدا 16 ڕۆژمان وەرگرتووە، ڕۆژەکانیش ڕۆژە تاکەکانن، لە ئەنجامی ئەم 16 ڕۆژەدا، 100 ڕاپۆرتی هەواڵیمان لە کەناڵی NRT و، 83 ڕاپۆرتی هەواڵیمان لە کەناڵی K24 دەستکەوتووەو، توێژینەوەکەشمان لە سەر ئەم ڕاپۆرتانە دەبێت. ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم، تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژینەکە، بەشی دووەم باسی وێنە دەکات بەشێوێکی گشتی (فۆتۆ و جوڵاو) لەڕووی مێژوو وناساندنی؛ وێڕای وێنەگرتنی تەلڤزیۆنی، بەشی سێیەم باس لە ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی دەکات، بەشی چوارەم: بریتیە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەو, ئەنجام و، ڕاسپاردەکان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

### 1. کێشەی توێژینەوە

ئەوەی ناوەرۆك و بەرهەمە تەلەفزیۆنیەکان لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار جیا دەکاتەوە بریتیە لە بوونی وێنەی ڤیدیۆیی. جۆر و ناوەرۆك و تەکنیکی تۆمارکردن و بەکارهێنانی وێنە ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیدا، ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر تێگەیشتنی بینەر بۆ ئەو پەیامە میدیاییە و ناوەرۆکەی کە تەلەفزیۆن پێشکەشی دەکات. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەو پێوەرە هونەرییانە دەستنیشان بکات کە پێویستە ڕەچاو بکرێت لەکاتی تۆمارکردنی وێنەی تەلەڤزیۆنی بۆ ڕاپۆرتە هەواڵەکان، هەروەها پەنجەدانان لەسەر ئەو لادان و کەموکوڕیانەی تەلەفزیۆنەکان هەیانە سەبارەت بە شێوازی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی، لەگەڵ ڕادەی پابەندبوونی تەلەفزیۆنەکان بەو پێوەرە هونەریانەی وێنەگرتن. کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕەچاوکردنی پێوەرە هونەریەکانی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی لە راپۆرتە هەواڵدا، کە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (ئێن ئار تی) و (کوردستان 24) وەك نموونە وەرگیراون.

### 2. پرسیارەکانی توێژینەوە:

1.تاچەند کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان پابەندبوونە بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی لەراپۆرتە هەواڵییەکاندا ؟

2.تا چ ئاستێک (گرتەکانی) کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵیەکاندا بەکارهێنراون و، تا چەندیش گونجاو بوونە ؟

3.تاچەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەندی پێوەری (نووسین بۆ وێنە) بوونە لە ڕاپۆرت.

4.ئایا بەکارهێنانی گرتەکانی لێکدانەوە (Cutaway) (cut in) (کار و کاردانەوە) بە چ شێوازێک بەکارهاتووە ؟

### 3. ئامانجەکانی توێژینەوە:

1- دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییەکان کوردییەکان بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی لەراپۆرتە هەواڵییەکاندا.

2- زانینی ئاستی بەکارهێنانی و، گونجاوی (گرتەکان) کامێرا لە ڕاپۆرتە هەواڵیەکاندا.

3- دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە پێوەری (نووسین بۆ وێنە) لە ڕاپۆرتە هەواڵیەکاندا.

4- دەرخستنی شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی لێکدانەوە، (Cutaway)

### 4. گرنگی توێژینەوە:

1- گرنگی زانستی: بە پێی بەدواداچوونی توێژەر، لە ئێستادا کەمترین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە سەر ناونیشانی ئەم توێژینەوە هەیە؛ وێڕای کەمی سەرچاوەی زانستی وئەکادیمی لەم بوارەدا.

**2-** لە ڕووی گرینگی پراکتیکیەوە: بەو پێیەی وێنەی تەلەفزیۆنی پێکهێنەرێکی گرنگ و سەرەکی پەیامی میدیاییە؛ بۆیە پێویستە وێنەگرەکان و ئەوانەی ڕۆڵیان هەیە لە دیارکردنی شێوازی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی لەکەناڵە کوردییەکان، پابەندی

پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی بن.ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ڕێبەرێکی گرنگ و هەنوکەیی بۆ هۆشیارکردنەوەو ئاشنابوونی وێنەگرەکان و دەرهێنەرەکان و؛ ئەو کەسانەی ڕۆڵیان هەیە لەپرۆسەی وێنەگرتن و هەڵبژاردنی جۆرو شێوازی وێنەگرتن لە تەلەفزیۆنەکان.بەم پێودانگە، ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لە سەر کوالێتی وێنەگرتنەکەیان، دواجار گەیاندنی ئەو پەیامە میدیاییە وەک خۆی بە جەماوەر.

## 5. چەمکەکانی توێژینەوە:

1.**پێوەرە هونەرییەکان:** پێوەرە هونەرییەکان: بریتیە لە کۆمەڵێک بنەمای وردی زانستی وپیشەیی کە بەکاردێن بۆ هەلسەنگاندن وپێوانەکردنی جۆرایەتی وچەندایەتی بابەتێک یان پرۆسە وکردارێک، لەم توێژینەوەیە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتن بریتیە لە کۆمەڵێک بنەما وکەرستە ستانداردی نێودەولەتی لەمیدیایی بینراو.

2.**وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی:** بریتیە لەو وێنە جوڵاوەی کە وێنەگر لەرێگەی ئامێری کامێرا تۆمار دەکرێت، پاشان لە شاشەی تەلەفزیۆن دەبینەدرێت، هاوپێچ لەگەڵ وێنە جوڵاوەکان دەنگ و ڕەنگی لەگەڵە، هەروەها کات و شوێنێکی دیاریکراوەو دەگوازێتەوە بۆ جەماوەر.

3.**ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی:** یەکێکە لە ژانەرە سەرەکییەکانی ناو گەشتی هەواڵ لە و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، بریتییە لە گواستنەوەی ڕووداو بەشێوەیەکی خێراو دینامیکی، هەروەها تەواوکەری هەواڵە بەیەکێک لەدرێژکراوەکانی شێوەکانی هەواڵ دادەنرێت، بریتیە لەو بەدواداچوونە میدیاییانەی زیتر بۆ پرسە گرنگە جۆراجۆرەکانی ڕۆژ دەکرێت، دواتر لەتەلەفزیۆنەکان پەخش دەکرێت، هەواڵ دەگوازنەوە لەرێگەی پەیامنێران وتیمی وێنەگرتن کۆکۆدنەوەی زۆرترین زانیاری وردەکاری بخرێتەڕو بۆ شیکردنەوە و دەرخستن ڕەهەندە ولایەنە کاریگەرییەکانی ئەو پرسانەی ڕۆژ.

## بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری توێژینەوە:

### یەکەم: وێنەی تەلەفزیۆنی

### 1- پێناسەی وێنەی تەلەفزیۆنی:

واتە گواستنەوەی ڕووداوەکان بۆ چاوی وەرگر بە شێوەیەکی و ڕوون و سەرنج ڕاکێش، کە گوزارشت لە ڕاستگۆیی و ئەمانەت پارێزی و بابەتیبوون لە گواستنەوەی ڕووداوەکان، کەسەکان و بەڵگەنامەکان دەکات (العاني، ٢٠١٢)، لە ئێستادا ئامرازێکی گرنگە بۆ بڕواپێهێنان، بەو پێیەی ناتوانرێت تەنها بە وشە یان بە هەڵویست بینەری ئەم سەردەمە بڕوا بکات، بەڵکو دەبێت ڕووداوەکان بەچاوی خۆی ببینێت، لە تەلەفزیۆندا، زۆرجار لەپاڵ وێنە دەستەواژەی بینینسازی (المرئيات) بەکاردێت، کە گوزارشتە بۆ هەموو ئەو بوارانەی لە ڕێگەی شاشەوە دەبینرێت، (حەسەن، 2017،ل18).

وێنەی تەلەفزیۆنی بریتیە لە تێکەڵەیەک لە دەنگ و وێنە بەیەکەوە کە لە هەمان کات نیشان دەدرێت لەسەر شاشە، دەنگ پەیوەندی بە وێنەکە هەیە، یاخود هاوکارە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ وێنە هەبێت بۆ تێگەیشتن و کردنەوە کۆدی پەیامەکان کە نمایش دەکرێت.(دفاك ،2020، ل35) یاخود دەتوانین بڵێین وێنەی تەلەفزیۆنی بریتیە لە زمانێک کە هەست و سۆز دەجولێنێت و، ئامرازێکە بۆ سەرنجدانی خواستی بینەر لەرێگەی جولاندنی هەستی بینین (Druckman ،2003، 561).

## 2- پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی لەڕاپۆرتە هەواڵدا

وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی جیاوازە لەوێنەگرتنی ئاسایی کە هەر کەسێک کامێرای لایە و وێنە دەگرێت، بەڵکو کۆمەڵێک پێوەری تایبەت بە خۆی هەیە، پێویستە ئەو کەسەی وێنە دەگرێت ڕەچاوەی بکات.بۆ ئامادەکردنی هەر بابەتێکی مەیدانی تەلەفزیۆنی، پێویستە ئەم بوارانەی خوارەوە ڕەچاو بکەین:

### أ-لەرووی گرتەکانی کامیرا

گرتە: بریتیە لەو دیمەنەی کامێرای تەلەفزیۆنی ڕیکۆردی دەکات، وەکو زمان و جوڵەی کامێرا، شۆتەکان شێوە و ستایلیان جیاوازە و، هەر دیمەن یاخود گرتەیەک شێوازێکی تایبەتی پێ دەگوترێت، دەرهێنەر یان پرۆدیوسەر بەپێی داخوازی بابەتەکە داوا لەوێنەگر دەکات ئەو شۆتەی مەبەستیەتی بۆی وەربگرێت یاخود هەندێک جار خودی وێنەگر بڕیار دەدات (عبدالرحمان،2019،ل36).گرتەی ڤیدیۆیی بەردی بناغەی دروستبوونی بەرهەمی شاشەی تەلەفزیۆنییە.واتە: پێش هەموو شتێك پێویستە چەندین گرتەی ڤیدیۆیی هەبێت، بەهۆی بەیەکەوە بەستنەوەی هەموو گرتەکان چیرۆکێك دروست دەبێت (مستفا،2018، 52).گرتە چەند چرکەیەك لە وێنەیە بەپێی بابەت قەبارەی دەگۆڕێت (قاسم،2019، ل52).

ئەم پۆلێنەی خوارەوە وەک ستانداردێکی جیهانییە بۆ بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی، زیاتر جەخت لەسەری کراوە کە وەک پێوەرێکی هونەری بۆ پێکهاتە هونەرییەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ لە تەلەفزیۆن، پێویستە ئەم گرتانە وێنەگر لەکاری مەیدانی وێنەی ڤیدیۆیی بگرێت لەناو ڕاپۆرتە هەواڵ بەکاربێنێت:

1- گرتەی زۆر دوور-اللقطة البعيدة. (Extreme Long Shots) :

مەبەست لە گرتەی زۆر دوور، بۆ ئەوەیە شوێنێکی بەرفراوان و ڕووبەرێکی زۆر نیشانی بینەر بدرێت، گرتەی زۆر دوور بە مەبەستی نیشاندانی شوێنێکی گشتییە (اللطيف، 2018، ل350).

٢ -گرتەی درێژ یاخود گشتگیر (long shots) :. ئەم گرتەیە وەک ماوەو قوڵی دیمەنەکە بە ئاسانی دیاری دەکات، واتە: ئەگەر لەسەر مرۆڤ بێت ئەوە تەنها مرۆڤەکە دەردەچێت و گرنگی بە دەوروروبەر نادرێت، (صادق،2012،ل79).

3-گرتەی مامناوەندی درێژ(Medium Long shots) :. ئەم گرتەیە لە ئەنجامی یەکگرتنی نێوان گرتەی درێژ و گرتەی مامناوەند بەکاردێت بۆ وێنەگرتنی نێو دیمەنی مرۆیی یان نا مرۆیی، لەگەڵ دەرخستنی باکگراوندی دیمەنەکە.

4-گرتەی مامناوەند(medium shot) :. ئەم گرتەیە بەپێی لاشەی مرۆڤ پێوانە دەکرێت لەسەرییەوە بۆ کەمەر وەردەگیرێت، بۆ بەستنەوە لەنێوان گرتەی گشتی و گرتەی نزیک بەکار دەهێنرێت (مۆنس، 2006، ل294).

5-گرتەی مامناوەندی نزیك (Medium Close up) یاخود (chest shot) :ئەم گرتەیە لە سینگی مرۆڤ تا سەری لە خۆدەگرێت.زۆربەی گرتەکانی لەمشێوە بۆ گفتوگۆی دوو کەس بەکاردێت.(Heiderich 2014, p6)

6- گرتەی نزیك – اللقطة المقربة (Close up) : قەبارەی ئەم گرتەیە سەری مرۆڤ بەتەواوی و تا گەردەنی لەخۆدەگرێت.(محمد 33،2019).

7- گرتەی زۆر زۆرنزیك(Big Close up) یاخود (face shot) :. ئەم گرتەیە لەڕووی نزیکییەوە زیاتر دەم و چاو بەدەردەکەوێت.

ب - نووسین بۆ وێنەی ڤیدیۆیی لەراپۆرتە هەواڵ

ئەوەی ڕاپۆرتەی هەواڵی تەلەفزیۆنی جیادەکاتەوە لە ژانرەکانی دیکەی میدیایی ئەوەیە کە لەگەڵ تێکستەکەدا وێنەی ڤیدیۆیی تەواوکەری یەکترن.

ئەو دیمەنە ڤیدیۆیانەی وێنەگر بۆ پەیامنێر ڕیکۆردی دەکات، هەرچەندە کاریگەر و ئاشکرا و مانادارین، هێشتا پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و وەسفکردن و گێڕانەوەی تر هەیە، (عبدالرحمان،2019،ل89).

پرەنسیپی نووسین بۆ وێنە (Writing to Picture) بە سەرمانداا دەیسەپێنێت، لیستێك بۆ وێنەکان و ماوەکانیان لەبەرچاو بگرین و، دەبێت لەگەڵ هەر گرتەیەکدا نووسینی لەگەڵ دابنرێت.لە ڕووی ناوەڕۆکەوە و ماوەکە بۆی گونجاوبێت (ئێلێهەمین،2009،ل141).پەیامنێرانی کەناڵی تەلەفزیۆن دەبێت دەقێك بنووسن کە بتوانرێت بینەر لەگەڵ ڤیدیۆکە بگونجێنێت (محمەد،2010،ل132-133).سادەترین یاسای نووسین بۆ وێنە ئەوەیە نوسەر یان پەیامنێری تەلەفزیۆن پەنا بۆ هیچ گرتەیەکی ڤیدیۆیی نەبات؛ کە مەبەستی بێت تەنها بۆشایی پڕبکاتەوە، هەروەها نابێت هیچ وشەیەک بنووسێت ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی کە وێنەی گونجاو لەگەڵ نییە، (عبدالله،2016،ل100-101).

ج.گرتەی لێکدانەوە (Cutaway) : ئەم گرتەیە دوو گرتەی جیاواز بەیەکەوە دەبەستێتەوە بێ ئەوەی بینەر هەست بە پچڕان بکات لەبابەتەکە (Hemminway, 2008, p219). ئەم گرتانە لەکاتی مۆنتاژ سوودی لێ دەبینرێت؛ بەتایبەت بۆ نەهێشتنی جەمپ (محمد، 2016، ل27).

د.ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ: بەپێی بەدواداچوونی پسپۆڕە نێودەوڵەتییەکان لە بواری ڕاگەیاندنی تایبەت و ئەوانەی پسپۆڕن لە بواری ژانرەکانی هەواڵ، گشتیان کۆکن لەسەر دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ڕاپۆرتە هەواڵ، ناتوانرێت لەو ماوەیەی دیاریکراوە ڕاپۆرتە هەواڵەکە درێژتر بێت،کاتێک ماوەکەی درێژبوو ئەو کات، ئەو تایبەتمەندیەی کە هەیەتی لە دەستی دەدات، وەک هونەرێک لە هونەرەکانی هەواڵی میدیایی، (دیلاهای،2016،ل9).بۆ ئەوەی بە کەمترین کات زانیاری و ڕاپۆرتە هەواڵییەکان بە بینەر بگەن، بەبێ ئەوەی بینەر تووشی بێزاری بێت، بۆیە ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ لە نێوان (1:30 بۆ 2:30) خولەکدا دەبێت، تەنها لە کاتی زۆر پێویست و دەگمەندا نەبێت کە (3) خولەک درێژ دەکرێتەوە، لە (01:30) یەك خولەك و سی چرکە، لەوە درێژتر بە ڕاپۆرتێکی گونجاوی نازانن بۆ هەواڵەکان.(عبدالله،2016،ل114).

## 3- چوارچێوەی وێنەی ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتە هەواڵدا:

1- بۆشایی سەر، (Head Room) : واتە لەکاتی وێنەگرتن بۆشایی لە بەشی سەرەوەی (سەر) جێ بهێڵین،نابێت نە زۆر دوور بێت لەسەری مرۆڤ نە زۆر نزیک(قاسم،2022،ل70).

2- چاو: پێویستە لە وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی چاوی مرۆڤ هاوسەنگ بێت، دوو لەسەر سێی سەرەوەی شاشەکە بێت.

3- ئاراستەی بینینی(Looking Room) : بۆشایی مەودای سەیرکردن یەکێک لە پێوەر هونەرییەکانی وێنەگرتن واتە: کارەکتەرکە ڕووی دەم و چاوی لەکام لابوو ئەوا زیاتر بۆشایی دەخەینە ئەو ئاراستەیەی، ئەوە پێی دەڵێن بۆشایی قسەکردن (مەنسور،2010، ل83).

4- نابێت بە هیچ جۆرێك میوان سەیری هاوێنەی کامێراکە بکات.پێویستە ئەوەی پێبوترێت (ڕەحمان،2015).

5- باکگراوند، لەو شوێنەی چاوپێکەوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدەیت، بە دوای باکگراوندێکی گونجاودا بگەڕێ کە پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەیە، یان نزیک بێت لەبابەتەکە، تا بکرێت باکگراوندەکە دیوار نەبێت (البقالي،2022،ل92-93).

## 4.گرینگی جوڵە،گرتە و گۆشەکانی وێنەگرتن:

وێنەگرتنی تەلەڤزێ چەند کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراوی هەیە کە دەبێت دەرهێنەر و وێنەگر بە باشی لێیان تێبگەن و بیزانن.کامێرا لە چاوی مرۆڤ دەچێت، دەبێت بزانرێت جوڵە و گرتە و گۆشەکانی کامێرا چۆنە، مەبەستداربێت، بەبێ ئامانج و بێ شارەزایی گرتەکە تێك دەدات و چاوی بینەر ماندوو و بێزار دەکات هەروەها ڕیزبەندی گرتەکە لە مێشکی بینەر تێکدەدات.لەهەموو جوڵە و حاڵەتەکاندا پێویستە کامێرامان زۆر بەهێواشی و لەسەرخۆ جوڵە بۆ گرتەکان ئەنجام بدات، بە شێوەیەك بێت کە هەستی پێ نەکرێت؛ بۆ ئەوەی لەرزین دروست نەبێت و بینەر تووشی بێزاری نەکات پاشان سەرنجیان بۆ گرتەکان ڕابکێشێت (حوسێن ،2020، 54).

ئەو کاتەی کامێرا لەژێر دەستی وێنەگردایە، ئەو دەبێتە نوێنەر یان جێگرەوەی چاوی بینەران لەرێگەی ئەو گرتە و جوڵە و گۆشانەی بینەرەکانت هەست بە سەیرکردنی دیمەنێک دەکەن.دەتوانی هەستەکانیان بجوڵێنی لەرێگەی چەند پرسیارێکەوە کە وێنەگر لەخۆی دەکات، بۆ نموونە: چ گرتەیەک گونجاوە بۆ ئەوەی گرنگی بابەتەکە دەربخەم و سەرنجی بینەر ڕابکێشم؟ یاخود چ جوڵەیەک زۆرترین

کاریگەری دروست دەکات؟ کەسەکە یان بابەتەکە بە بچووکی یان بەگەورەیی نیشان بدەم لە ڕێگەی گرتەکانەوە؟ (p6، Heiderich 2014).

### 5- تایبەتمەندی وێنەی تەلەفزیۆنی

1. بوونی ڕەگەزی ڕاستگۆیی و بێلایەنی لە دەرخستنی وێنەکە و گوزارشتکردنی لە بابەتێکی دیاریکراوی ڕاستەقینە نەك سیناریۆ.
2. بوونی ڕەگەزی گرنگی و کاریگەری، واتە پەیام و بابەتی وێنەکە خاوەن بایەخ و پەیوەندی بە زۆرترین خەڵکەوە هەبێت.(محەمەد ،2021، ل96)
3. وێنەی تەلەفزیۆنی زمانێکە هەستەکان دەجوڵێنێت؛ بەو پێیەی کە بابەتەکان جوڵاو وبینراوە، واتە: کاریگەی لەسەر ناخمان دەکات.
4. وێـنەی تەلەفزیـۆنی بەردەوام لەجـوڵەدایە، جـا یان کامێـراکە دەجوڵێـت یاخـود کەسەکان، شاشە دەجوڵێن.(مؤنس ،2008، ل119)
5. وێـنەی تەلەفزیـۆنی ئەو تایبەتمەنـدییەی هەیە کە لەگەڵ تێکسـت تەواوکەری یەکترن.
6. وێنەی تەلەفزیۆنی زیاتر لە جیهانی واقیعەوە نزیکە ، هەروەها بینەر زیاتر نزیک دەکاتەوە لەجیهانی ڕاستەقینە.
7. یەکێک لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی وێنەی تەلەفزیۆنی بەکارهێنانی ڕەنگ لەوێنەی جوڵاودایـە، ئەمەش جۆرێـک لە جـوانی و سـەرنج ڕاکێشـی دەبەخشـێت.(نوری ،2018، ل49).

### دووەم: وێنەی تەلەفزیۆنی

#### 1 - ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی

ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی: هونەرێکی ڕۆژنامەوانیە بۆ خستنەڕووی ڕووداوێك یا لێدوانێك لەگەڵ کۆمەڵێك زانیاری شیکاری بۆ ڕووداوەکە بە ڕێگەیەکی درێژەپێدراو و بابـەتی(کەروکی، 2008، ،ل48) یاخـود دەتـوانی بڵـێین یەکـێکە لەو بەرهەمـانەی تەلەڤزیۆن، تیایدا پەیامنێر بەپشـت بەسـتن بەو دیمەنە ڤیـدیۆییانەی تۆمـاری کردون ولەرێـگەی کاراکـتەرە پەیوەندیـدارەکانی ڕووداوەکەوە، زانیـاری دەخـاتە ڕوو، بەشێوەیەک هیچ پرسیارێک بۆ بینەر جێناهێڵێ، کە وەڵام نەدرابێتەوە. (عبدالرحمان 2019، ل82)

#### 2 - ئەرکەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ

ڕاپۆتە هەواڵ وەک ئامراز و ژانەرکانی تـری ڕاگەیانـدن کۆمەڵێـک ئەرک لە خۆ دەگرێت، ئەو ئەرکانە بەکۆی دەنگی زۆربەی توێژەر و ئەکادمیەکانی بواری ڕاگەیاندن بووە، کە هاوڕابوون لەسەر گرنگترین ئەرکەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ، ئەوئەرکانە بریتین لە:

1. پێـدانی زانیـاری نـوێ سـەبارەت بە هەواڵێـک یان ڕووداوێـک، کە خـودی هەواڵ ناتوانێ ئەو زانیاریە بدات بە بینەر بە تەواوی.
2. تیشک خستنەسەر گۆشەی نوێ یان لایەنێکی تر لەڕوداوێکی ناسراو.
3. نیشاندان و وێنەگرتن و تۆمارکردنی ئەزموونەکانی پەیامنێر لەگەڵ ڕووداو یان ئەزموونی ئەو کەسانەی پەیوەندی بەڕووداوەکەوە هەیە کە زۆرجار ڕێگە بە خەڵک دەدات بۆ خۆیان قسە بکەن و بە دەربڕینی خۆیان وێنای ڕوداوەکە وەک خۆی باس بکەن. (السعدي ،2008، ،ل44)

بی جـەختکردن و ڕازیکـردنی غەریـزەی بە دواگەڕانی خـوێنەر، هەر ئەوەش ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێـت لە پێکهێنـانی ڕای گشـتی لە کـۆمەڵگەدا، لەبەر ئەوەشـە ڕاپۆرتە هەواڵ بووەتە بەشێکی گرنگ لەسیاسەتی میـدیایی. (عبـدوالخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان ڕەحمان ،2010، ،ل66)

5. هەڵسـەنگاندنی داتا و زانیـاریەکان، ئەویش چ لە ڕێگەی ئەو حوکم و قسـە و دەرئەنجـام و گشـتاندنانەی لەو کەسـانە وەرگـیراون، وەک: گەواهیـدار لە ڕاپۆرتـە هەواڵ، یاخود ئەو دەرئەنجامەی کە خودی پەیامنێر پێیگەیشتوە.

پێداویستیەکانی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی

پێداویستیەکانی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە :

1. کەرسـتەکان، زیاتـر بەڵـگەنامە تۆمـارکراوەکان، چـاوپێکەوتنەکان و تێبینـیە کەسیەکان دەگرێتەوە، واتە: گێڕانەوەی وردەکاریەکان و سـەرنجێکی دیاریکـراوە، کە بەشێوەیەکی بابەتی دادەرێژرێت. (ئیبراهیم ،2021، ل306).
2. تێکست : تێکسـت کەسی ڕیپـۆرتەر ئامـادی دەکات و دەیخوێنێتەوەو لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیـکەدا ئـاوێتە دەکرێتـك، پێویسـتە ڕاپۆرتنـوس لە کاتی ئامـادەکردنی تێکست ڕەچاوی کاتی وێنە بکات و هاوسەنگی بپارێزێت و هەست و سۆزو لایەنی دەروونی خۆی تێکەڵ بە بابەتی ڕاپۆرتەکە نەکات تا لەگەڵ وێنەی ڕوداوەکاند بەشێوەیەکی گونجاو هەماهەنگی دروست بکات(فەتحولا،2016،ل12)
3. دەنـگ: لە ڕاپـۆرتە هەواڵـدا ڕەگەزەێکی گرنگە لە ڕاپۆرتـدا چەن جـۆرێکن وەک دەنگی سروشتی، دەنگی مرۆیی، کاریگەرییە دەنگییەکان، کۆمێنت (تعليـق)، مۆسیقا، بێ دەنگی) دەتوانرێت هەریەک لەم ڕەگەزانە لەگەڵ یەکـدا بەکاربهێنرێت، یان بەتەنهـا بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ (عبـدالنبي 2010، 258)کاتێـک پەیامنێـر تێکست دەنوسێت، پێویستە بخوێنرێتەوە واباشە نوسەری تێکسـتەکە بە دەنگی خۆی لە ژوورێکی تایبەت بیخوێنێتەوە، دەشکرێ ئەم کردارە هاوتا لەگەڵ پرۆسەی مۆنتـاژ ئەنجامبـدرێت، یان تۆمـار بکرێـت، دواتـر لەگەڵ وێـنەکان دابـنرێ. (عمـر 2013، ل194.)
4. کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوەی سەرەکی خۆیەوە؛ لە ڕێگەی چاوپێکەوتن، بە پشت بەستن بە ئاراستە کردنی پرسیارێك یان دوو پرسیار بۆ هەر لایەنێك.
5. ڕۆژنامەنوس پێویستی بە وێنەی ڤیدیۆییە بۆ پاساوی ڕاستی و دروستی و ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە، ڕۆژنامەنوس دەبێت ئارەزووی ووردیی و بابەتی تێدابێت بۆ دارشتنی بابەتەکە،

ت. دەرکـەوتنی تێکسـتەکانی گرافیـك، لەگـەل سـەرەتای تێکسـتە خوێندراوەکانیـدا، مانـەوەی تاوەکو کۆتاییەکـەی، کـە هـەر هەمـەڕەنگ کردنێـك لە تێکستەکەدا نابێت لە پانزە چرکە زیاتر نەخایەنێت. (کەرکوکی ،2008، ،ل50)

## 3 - . تایبەتمەندی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی

ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی چەندین تایبەتمەندی گرنگ لەخۆی دەگرێت، لەوانە :

1. دەربڕی بینینەکانی پەیامنێرە بۆ وەرگران بەشێوەیەك کە وەرگر هەست دەکات لەشوێنی ڕووداوەکە ئامادەبووە و بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیوە.
2. خێرایی درککردن: گەرچی خێرایی درککردن بەشێکە لە هەستیاری؛ بەڵام کاردانەوەی درککردن لە خانەی دوای هەستیاری جێگا دەگرێت، هێزی وەرگرتن کاتێك کارا دەبێت کە ئەو هەستە، ئێمە بەرەو بابەتێك یان دیاردەیەك ڕێنوێنی بکات، خێرایی درککردن بریتیە لە یەکسانی و یەکگرتنەوەی هەستەکان لەگەڵ زانیاری و ئاگاداری پێشوو لە زەینی مرۆڤدا.(سدق ،2008، ،ل156).
3. فرەیی: ڕاپۆرت بابەتەکەی خۆی لەسەرجەم گۆشە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیەوە وەردەگرێت،کە پەیوەندیان پێوە هەیە، تیشك دەخاتە سەر هەموو لایەنەکانی.
4. بابەتی و بێلایەنی: نوسەر و ڕپپۆرتەری بابەتەکە بەهیچ شێوەیەك سەرنج و ڕا و بۆچوونی خۆی بەئەرێنی و نەرێنی لەسەر بابەتەکە دەرنابڕێت، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە داتا و زانیاریەکان بەبێلایەنی و بابەتی بوون و، بەوپەڕی پیشەییەوە بخاتەروو.(بهدران ،2010، ،ل125)
5. بەشداریکردنی وەرگر لە ڕوداوەکە: ڕاپۆرت وەرگر دەگوازێتەوە بۆ ناو واقعێك لە دیمەنەکە چ بە وەسفکرن، یان لەڕێگەی دیمەنی ڤیدیۆییەوە، کەئەمەش وەرگرەکان لەڕووداوەکە نزیك دەکاتەوە و هەست بە ئاگایی زیاتر دەکەن نەك هەر لەم ڕووداوانە، بەڵکو بەشداریکردنیشیان لەو ڕووداوانەدا.
6. وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانە: ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی کاتێك باسی ڕووداوێك یا دیاردەیەك یا چەند ڕووداو و دیاریدەیەکی پێکەوە بەستراو بەیەکەوە دەکات، لەبەر ئەوەی شێوەیەکە لەشێوەکانی نوسینی هەواڵی وێنەیی بۆ جەختکردن لەسەر سروشتەکەی پێویستە لەسەری ئەو وەڵامەی دەیداتەوە لە حەوت پرسیار کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی ڕاپۆرت خاوەنی بەرفراوان بوونێکی سروشتیە و کۆمەڵێکی زۆر لە ڕاستیە سەرەکی و لاوەکیەکان لە خۆدەگرێت، کە دەتوانێت وەڵامی گەورەترین ژمارەی پرسیار بداتەوە؛ بۆیە پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانەشی تێدابێت.

## بەشی سێیەم: لایەنی شیکاری

## یەکەم: ڕێکاری شێکاری

### 1. جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە، تیایدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکارهاتووە، بەو پێیەی شیکردنەوەی بۆ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە هەواڵی دوو کەناڵی ئاسمانی کوردی کردوە ئەوانیش کەناڵی (NRT) و (K24).

### 2. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕاپۆرتە هەواڵی هەردووکەناڵی (NRT) و(k24).هۆکاری هەڵبژاردنی ڕاپۆرتە هەواڵ وەك کۆمەڵگەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ زێندویەتی و بایەخی زۆری ئەو ژانرە لە کاری میدیاییدا، بە تایبەتی لە میدیای هەواڵییدا، جگە لەوەی ڕاپۆرتە هەواڵ بابەت و ڕەگەزێکی گرنگی بڵاوکراوە هەواڵییەکانە و ماوەی هەر ڕاپۆرتە هەواڵیش ڕێگە بەوە دەدات کە گۆشە و گرتە و جووڵە جیاوازەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی تیایدا پەیڕەو بکرێ و، ڕادەی ڕاست و دروستی و گونجاوی ئەو گۆشە و گرتە و جوڵانە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕوونی و کاریگەری پەیامی نێو ڕاپۆرتەکە دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بەکارهێنانی گۆشە و گرتە و جوڵەی هەڵە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاستی ڕوونی و بێلایەنی پەیامی ڕاپۆرتە هەواڵەکە.

### 3. سنوورەکانی توێژینەوە:

- **سنوری شوێن:** ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن.
- **سنوری کات:** کاتی توێژینەوەکە پەیوەستە بەو ناوەڕۆکەی لە هەر دوو کەناڵەکە وەرگیراوە بۆ شیکردنەوە، کە ئەو ڕاپۆرتە هەواڵانە وەرگیراون لە 1- 3 تا 31-3ی 2022 بڵاوکراونەتەوە، ئەمەو میکانیزمی هەڵبژاردنی ڕۆژەکانمان لە توێژینەوەکەدا بەمشێوەیە بووە: لە مانگێکدا 16 ڕۆژمان وەرگرتووە، ڕۆژەکانیش ڕۆژە تاکەکانن، لە ئەنجامی ئەم 16 ڕۆژەدا، 100 ڕاپۆرتمان لە کەناڵی NRT و، 83 ڕاپۆرتمان لە کەناڵی K24 دەستکەوتووەو، توێژینەوەکەش لە سەر ئەم ڕاپۆرتانەی دەستکەوتوو دەبێت.
- **سنووری بابەت:** سنووری بابەتی ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیدارە بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی.

### 4. کەرەستەی توێژینەوە:

توێژەر بۆ توێژینەوەکەی دوو کەرەستەی بەکارهیناوە: تێبینی زانستی و، شیکرنەوەی ناوەڕۆك.

### 5. دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری:

بەو توێژینەوانەی ئەم میتۆدە بەکاردەهێنن، یەکەیەکی شیکردنەوە یان زیاتر دیاری دەکەن، وەك یەکەکانی (بیرۆکە، ڕستە، برگە، کەسایەتی)، بەڵام بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بوو بەشیکردنەوەی ئەو وێنە ڤیدیۆیانەی کە لەڕاپۆرتە هەواڵ بەکار هاتووە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وێنەو بینینە نەك نووسین، گرتە وەرگیراوەکان شیکردنەوەیان بۆ کراوە کە هاوتەریب و هاوشێوەی یەکەی برگە و ڕستەیە لە بواری شیکردنەوەی دەقە نووسراوەکاندا،

### 6. دیاریکردنی دەستەکانی شیکردنەوە

دەستەکان بەگوێرەی میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە، یەکەمیان: وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە (چی وتراوە) کەتایبەتە بەخستنەڕووی بابەتی ئەو ناوەڕۆکانەی شیکاری دەکرێن، دووەمیان وەڵامی ئەوپرسیارە دەداتەوە (چۆن وتراوە) کەتایبەتە بەخستەڕووی ئەو شێوازەی کە ناوەڕۆکەکەی خراوەتەڕوو کە زیاتر پەیوەستە بەفۆڕمی ناوەڕۆکەوە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بەجۆری دووەم بەستووە کە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کەدەڵێن

(چۆن وتراوه)؛ بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە شێوازی وێنەگرتن دەخاتەڕوو، واتا: ئەو وەڵامەی داوەتەوە کەچۆن وێنەگرتنی ڤیدیۆیی بۆ ڕاپۆرتەکان کراوە.

### 7. ناساندنی نموونەی توێژینەوە:

کەناڵی ئاسـانی کوردسـتان24، سـەر بە دامەزراوەی (کوردسـتان24)ە، لە ٢٠١٥/٥/٣١ پەخشی ئاسایی خۆی دەستپێکرد.سەرچاوەی پاڵپشـتی و داهـاتی کوردستان24، کەرتی تایبەتەو، وەک کۆمپانیـایەکی میـدیایی مۆڵەتی کارکردنی بەپێی یاسـا بەرکارەکانی هەرێمی کوردسـتان و حکـومەتی فیـدراڵ هەیە.بـۆ بەڕێـوەبردنی، لەڕێگەی کۆمپانیـایەکی هـاوبەش، پاڵپشـتی دارایی دەکرێ و بەشـێکی خەرجییەکانی دابیندەکرێن.بەشـەکەی دیکەشی لەڕێـگەی بڵاوکردنەوەی ڕێـکلام دابین دەکرێت، بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێرەو لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان و جیهان نووسینگەی هەیە.(سعید، 2022، ل86-87).لە دوای دامەزرانـدنی کابینەی نـۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (10ی تەمموز/ یۆلیۆی 2019).وەک میـدیای نیمچە حکومی کاردەکات.پابەندی سیاسـەتی حکـومەتە، بایەخ بە بڵاوکردنەوەی زانیـاری و هەواڵەکانی حکـومەت دەدات و، یەک ئاراسـتەی لایەنـدارانەی بـۆ سیاسـەتی حکومەت هەیە، (رەحمان، 2022، ل7).بینەرانی کوردستان24 بریتیە لە هاووڵاتیانی (عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا)، هەروەها کوردانی نیشـتەجێی وڵاتانی ئەوروپـا و، باکووری ئەمریکا و، ئوسترالیا (کورستان2015،24).

کەناڵی (NRT) کەناڵێکی هەواڵیی سیاسییە و، لە ساڵی ٢٠١٠ پەخشی خۆی لە شاری سلێمانی دەستپێکرد، سەر بە دامەزراوەی میـدیایی نالیایە، وەک لەسـایتی NRT باسکراوە سەرچاوەی دارایی ئەم دامەزراوەیە لەلایەن کۆمپانیـای وەبەرهێنـانی نالیـاوە دابین دەکرێت بەمەبەسـتی گواسـتنەوەی زانیـاریی و هەواڵ و ڕوومـاڵکردنی ڕووداوە جۆربەجـۆرەکان بەشـێوەیەکی پیشـەیی سـتاندارد.(nrt، 2010).بەڵام لە وێبسایتەکەدا بەم جۆرە پێناسەی دامەزراوەکە کراوە، "تۆڕێکی ڕاگەیانـدنی پیشـەیی بەرپرسیارە، لە ساڵی 2010دا دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ناحزبیی سـەربەخۆ لە کارنامە و ئایـدۆلۆژیایەکی دیارییکـراو؛ بەئامـانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییە میـدیاییە دەرکەوتن و کەوتنە کار (رەحمان، 2022، ل8).

### دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆك:

**خشتەی1 جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی (NRT)**

| جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵیەکان | بەکارهاتو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی % | نەگونجاو | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Long Shot | 98 | %20.85 | 90 | %25.71 | 8 | %6.77 |
| Medium Long shot | 95 | %20.21 | 89 | %25.43 | 6 | %5 |
| Extreme Long Shot | 35 | %7.45 | 20 | %5.71 | 15 | %12.50 |
| Medium Shot | 90 | %19.15 | 60 | %17.14 | 30 | %25 |
| Close | 89 | %18.94 | 50 | %15.29 | 39 | %32.50 |
| Close up shots | 40 | %8.51 | 30 | %8.57 | 10 | %8.33 |
| Extreme Close | 23 | %4.89 | 11 | %3.14 | 12 | %10 |
| کۆی گشتی | 470 | %100 | 350 | %100 | 120 | %100 |

لە دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییەکانی پەیوەست بە جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی(NRT) ، لە خشتەی (1) حەوت جۆری گرتە وەك ستانداردی وێنەگرتن وەرگیراوە، ڕێژەی بەکارهاتوو گرتەکانیش لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێی ستانداردی زانستی ڕێژەی گونجاو و نەگونجاوی گرتەکان دیاریکراوە، لە هەردوو کەناڵەکە کە وەك نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

لەکۆی (100) ڕاپـۆرت لە کـەناڵی(NRT) ، وەك نموونـەی شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوە وەرگیراوە.جۆری گرتەی Long Shot لە کەناڵی(NRT) ، 98 جار بەکارهاتووە بە پلەی یەکەم دێت بەرزترین ئاستی لە ڕێژەی بەکارهێنان لە خشتە تۆمار کردووە، ئەم ڕێژەش دەگاتە 20.85% کۆی گشـتی گرتـەکانی بـەکارهاتو، لەم ڕێژە تـەنها 90 گرتـەی بـەڕێژەی25.71% بـە گونجـاوی بـەکارهێناوە، 8 گرتەکـەش بەڕێژەی بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە 6.77%، لەکۆی هەر 7 جۆری گرتەکە.

لە جـۆری گرتـەی Close لە کەناڵی(NRT) ، 89 جار بـەکارهاتووە، ئـەم ڕێژەش دەگاتـە 18.94% کـۆی گشـتی گرتـەکانی بـەکارهاتوو، لەم ڕێژەیە تـەنها 50 گرتەی بە گونجـاوی بـەکارهێناوە، 39 گرتەکـەش بەشـێوازی نـەگونجاو بـەکارهاتووە، کەوایە 15.29% کۆی گرتە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر 7 جۆری گرتـەکە، لە 32.50% نەگونجاوەکانیش بەدەستهێنانەوە گرتەی. (Close)، بـەپێی ئـەم ئەنجامە بەرزترین ئاستی نەگونجاو لە کۆی هەر 7 گرتەکەی بەکارهاتوو گرتەیClose .بـەڵام جۆری گرتەی(Extreme Close) لە کەناڵی ئێن ئار تی 23 جار بـەکارهاتووە، ئـەم ڕێژەش دەگاتە 4.89% کۆی گشـتی گرتـەکانی بـەکارهاتوو، کەوایە کـەمترین ڕێـژەی گرتەی بەکارهاتووە، لە کۆی هەر 7 گرتەکەی کە لە 100 ڕاپۆرتی ئێن ئار تی وەك نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکارهاتووە، لەم ڕێژە تەنها 11 گرتـەی بـە گونجـاوی بەکارهێناوە، 12 گرتەکەش بەشێوازی نەگونجاو بـەکارهاتووە، کەوایە 3.14% کـۆی گرتە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر 7 جۆری گرتەکە، لە 10%نەگونجاوەکانیش بەدەستهێنانەوە گرتـەی Extreme Close، زانیـارییەکانی پەیوەسـت بە جـۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی(NRT) ، لە خشـتەی (7) جـۆری گرتـە وەك سـتانداردی وێنـەگرتن وەرگـیراوە، کـۆی گشـتی گرتـەکانی بـەکارهاتوو لە (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی (470) گرتە بووە، لەم ژمـارە تـەنها (350) بە شێوەی گونجـاو سـتاندارد ڕێـژەی 74.47% بـەکارهاتووە، بـەڵام (120) گرتە بە ڕێژەی24.53% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لەڕووی بەکارهێنانی گرتەکان گرتەی Long Shot زۆرترین گرتە بەکارهـاتووە، پاشـان Medium Long shot ئەمەش ڕێژەیـەکی زۆر باشـە بەپێـی سـتاندەر و پێـوەرکانە بەکار هـاتووە، بەڵام باشـتر دەبـوو گرتەی Close up shots لە ڕووی بەکارهێنـان هاوشـان هەردوو گـرتە بـوایە لەڕووی بەکارهێنـانەوە، چـونکە لەڕووی بەکارهێنانی گرتەکان هەمـوو ڕاپۆرتە هەواڵیکی تەلەفزیـۆنی پێویسـتە ئەم سێ گرتەیە تیـدابێت، وەک یەک، واتە: زۆربەی گرتەکان بەم شـێوەیە دەبێت (Long Shot پاشان Medium Long shot لەدوایی دا Close up shots)کەچی Medium Shot لە ڕیزبەندی سێیەم هاتووە.

**خشتەی 2جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕووی قەبارەوە لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی (K24)**

| جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەراپۆرتە هەواڵیەکان | بەکارهاتو | ڕێژەی % | گونجاو | ڕێژەی % | نەگونجاو | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Long Shot | 83 | %20.1 | 75 | %23.89 | 8 | %8. 8 |
| Medium Long shot | 80 | %19.37 | 66 | %21.1 | 14 | %14.14 |
| Extreme Long Shot | 40 | %9.69 | 18 | %5.73 | 22 | %22.22 |
| Medium Shot | 79 | %19.13 | 70 | %22.29 | 9 | %9.9 |
| Close | 68 | %16.46 | 58 | %18.47 | 10 | %10.10 |
| Close up shots | 48 | %11.62 | 20 | %6.37 | 28 | %28.29 |
| Extreme Close | 15 | %3.63 | 7 | %2.23 | 8 | %8. 8 |
| کۆی گشتی | 413 | %100 | 314 | %100 | 99 | %100 |

لە دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییەکانی پەیوەست بە جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕاپۆرتە هەواڵییەکان کەناڵی(K24) ، لەم خشتەیە (2) جۆری گرتە وەك ستانداردی وێنەگرتن وەرگیراوە، ڕێژەی بەکارهاتوو گرتەکانیش لە ڕاپۆرتەکان دیاریکراوە، دواتر بەپێی ستانداردی زانستی ڕێژەی گونجاو و نەگونجاو گرتەکان دیاریکراوە، لە هەردوو کەناڵەکە کە وەك نموونەی شیکردنەوی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وەرگیراوە.لەکۆی (83) راپۆرت لە کەناڵی کوردستان(24) وەك نموونەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوە وەرگیراوە.

لە کەناڵی کوردستان24، جۆری گرتەی(Long Shot) ، 83 جار بەکارهاتووە بە پلەی یەکەم دێت بەرزترین ئاستی لە ڕێژەی بەکارهێنان لە خشتە تۆمارکردووە، ئەم ڕێژەش دەکاتە 20.1% کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو، لەم ڕێژە تەنها 75 گرتەی بەڕێژەی 23.89% بە گونجاوی بەکارهێناوە، 8 گرتەکەش بەڕێژەی بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە 8.8% لەکۆی هەر 7 جۆری گرتەکە.

لە کەناڵی کوردستان24 جۆری گرتەی (Extreme Long Shot) 40 جار بەکارهاتووە، ئەم ڕێژەیەش دەکاتە 9.69% کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو، لەم ڕێژە تەنها 18 گرتەی بە گونجاوی بەکارهێناوە، 22 گرتەکەش بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 5.73% کۆی گرتە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر 7 جۆری گرتەکە، لە 22.22% نەگونجاوەکانیش بەدەستهێنانەوە گرتەی (Extreme Long Shot)، بەپێی ئەم ئەنجامە بەرزترین ئاستی نەگونجاو لە کۆی هەر 7 گرتەکەی بەکارهاتوو گرتەی(Extreme Long Shot).

لە کەناڵی کوردستان24 جۆری گرتەی (Extreme Close) 15 جار بەکارهاتووە، ئەم ڕێژەش دەکاتە 3.63%کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو، کەوایە کەمترین ڕێژەی گرتەی بەکارهاتووە، لە کۆی هەر 7 گرتەکەی کە لە 100 ڕاپۆرتی ئێن ئار تی وەك نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆك بەکارهاتووە، لەم ڕێژە تەنها 7 گرتەی بە گونجاوی بەکارهێناوە، 8 گرتەکەش بەشێوازی نەگونجاو بەکارهاتووە، کەوایە 2.23% کۆی گرتە گونجاوەکانی وەرگرتووە، لەکۆی هەر 7 جۆری گرتەکە، لە 8.8% نەگونجاوەکانیش بەدەستهێنانەوە گرتەی(Extreme Close).

ئاستی بەراوردکاری لە شێوازی بەکارهێنانی جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕووی قەبارەوە لە راپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (k24) لە خشتەی ژمارە 1

لە کەناڵی(K24) ، کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو لە (83) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی

ناوەرۆکی (413) گرتە بووە، لەم ژمارەمە تەنها (314) بە شێوەی گونجاو ستاندارد ڕێژەی 76.02%بەکارهاتووە، بەڵام (99) گرتە بە ڕێژەی23.98% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لەکەناڵی(NRT) ، کۆی گشتی گرتەکانی بەکارهاتوو لە (100) ڕاپۆرتی نموونەی شیکردنەوەی ناوەرۆکی (470) گرتە بووە، لەم ژمارە تەنها (350) بە شێوەی گونجاو ستاندارد ڕێژەی

74.47%بەکارهاتووە، بەڵام (120) گرتە بە ڕێژەی24.53% بەشێوەی نەگونجاو بەکارهاتووە.

لە ڕووی شێوازی گونجاوی بەکارهێنانی جۆری گرتەکانی وێنەگرتن لەڕووی قەبارەوە، جیاوازی لەبەرژەوەندی کەناڵی (k24)، دایە، چونکە گۆشەکانی وێنەگرتنی بە شێوەی گونجاو ستاندارد.

**خشتەی 3 پەیوەندی نێوان تێکست و ێنە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24)**

| پەیوەندی وێنە وتێکست | NRT دووبارەی | NRT %100 | K24 دووبارە | K24 %100 |
|---|---|---|---|---|
| وێنە بۆ تێکست | 43 | %43 | 45 | %54.21 |
| تێکست بۆ وێنە | 57 | %57 | 38 | %45.79 |
| کۆی گشتی | 100 | %100 | 83 | %100 |

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو وزانیارییەکانی پەیوەست پەیوەندی نێوان تێکست و وێنە، لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و(K24) ، دەرکەوتووە (وێنەبۆتێکست) لە کەناڵی (k24) بە ڕێژەی (54.21%) پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەك نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە لە کەناڵی (NRT)بە ڕێژەی (43%) پلەی دووەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکانی وەك نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

سەبارەت بەبڕگەی تێکست بۆ وێنە لە کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (57%) پلەی یەکەم دێت، لە کۆی گشتی ڕاپۆرتە هەواڵەکان وەك نموونە شیکردنەوەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (45.79%) و بە پلەی دووەم دێت، بۆ بە ئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە (بابەتی ڕاپۆرتەکان) لە نێوان هەردوو کەناڵ دوای دەرهێنانی ڕێژەی % دەرکەوتووە کە (جیاوازی هەیە)، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە.

لەم خشتەیە دەردەکەوێت کەناڵی (NRT) بەراود بەکەناڵی (K24) ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی زیاتر تێکستەکانی بۆ وێنە ڤیدیۆیە بەردەستەکانە، واتە: زیاتر بەشێوەکی پرۆفیشناڵە کاری کردووە لەم برگەیە، بەڵام (K24) وەک لەخشتەی ژمارە 1 ئاماژە

پێکراوە بابەتەکانی زیاتر ڕامیارییە و پەیوەستە بەو بابەتانە، بۆیە وێنەکان دەگونجێنن لەگەڵ تێکستەکان، هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەم کەناڵە نیمچە حکومییە.پابەندی سیاسەتی حکومەتە، بایەخ بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکانی حکومەت دەدات و یەک ئاراستەی لایەندارانەی بۆ سیاسەتی حکومەت هەیە، بۆیە زۆرجار ڕاپۆرت و وێنەکان ئامادە دەکەن بەپێی ئەو زانیاری و تێکستە کە بۆیان دیاری دەکرێت کە بگونجێت لەگەڵ سیاسەتی حکومەت.

بەشێوەیکی گشتی هەردوو کەناڵ بڕگەی تێکست بۆ وێنە ڕێژەکان زۆر نییە، فەلسەفەی تێکست بۆ وێنە ئەوەیە ئەو زانیارانەی کە وێنەکان ناتوانن بگەیەنن بە تێکست زانیارییەکان دەخرێتەڕوو بۆ بینەر؛ بۆیە ئەو گرتانەی زانیاری دەبەخشن پێویست ناکات لە تێکست ئاماژەی بۆ بکرێت، هەڵەی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵیانەوە ئەوەیە پەیامنێرەکان بەبڕوای خۆیان تێکست بۆ وێنە دەنووسن، بەڵام تێکستەکان هەمان زانیاری بوو کە وێنەکان باسیان دەکرد، واتە: تێکستەکان ئەو زانیارییانەی نەدەبەخشی کە وێنەکان لەتوانایان نەبوو بینەر تێبگەیەنن، هەروەها دووباربوونەوە قسەی قسەکەرەکانیان دەرکردووە کە لەناو ڕاپۆرتەکان هاتبوون.پێویستە هەموو

| Cutaway-cut in | NRT | | K24 | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبار ە | %100 | دووبار ە | %100 |
| ڕەچاو نەکراوە | 58 | 58% | 35 | 57.83% |
| ڕەچاو کراوە | 42 | 42% | 48 | 42.17% |
| کۆی گشتی | 100 | 100% | 83 | 100% |

ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی تێکستی بۆ وێنە بێت.بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

**خشتەی4 بەکارهێنانی گرتەکانی لێکدانەوە یاخود بەستنەوەی (Cutaway) لەڕاپۆرتە هەواڵەکانی (NRT) و (K24)**

لە دوای شیکردنەوە زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕیزبەندی ڕادەی بەکارهێنانی گرتەکانی (Cutaway) لە هەردوو کەناڵی(NRT) و(K24) دەرکەوتووە ڕێژەی ڕەچاو نەکراوی بەکارهێنانی گرتەکانی (Cutaway) لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵە بە پلەی یەکەم دێت، واتە کەمترین ڕەچاونەکراوە بەکارهێنانی ئەم جۆرە گرتانە بۆ ڕاپۆرتی هەوڵی ئەم دوو کەناڵە.

ڕەچاونەکردنی گرتەکانی (Cutaway) لە کەناڵی (NRT) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی 58% لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارییانە بۆمان دەرکەتووە کە تەنها لە 42% ڕەچاو کراوە لە ڤیدیۆ ڕاپۆرتە هەواڵەکانی کەناڵی (NRT) ڕەچاوکراوە، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ستاندارد ڕەچاو ڤیدیۆکانی ڕاپۆرت هەواڵ بکە لە ڕووی ڕێزبەندی لۆژیکییەوە.

ڕەچاونەکردنی گرتەکانی (Cutaway) لە کەناڵی (K24) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی 57.83% لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارییانە بۆمان دەرکەتووە کە تەنها لە 42.17% ڕەچاو کراوە لە ڤیدیۆ ڕاپۆرتە هەواڵەکانی کەناڵی (K24) ڕەچاوکراوە، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ستاندارد ڕەچاو ڤیدیۆکانی ڕاپۆرت هەواڵ بکە لە ڕووی ڕێزبەندی لۆژیکییەوە.

دوای بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتاکان دەرکەوتووە کە (جیاوازی ئاماری هەیە) لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی (NRT) دایە لەبەکارهێنانی گرتەکانی لێکدانەوە یاخود بەستنەوەی (Cutaway) .

بڕوانە خشتە (6)، بەکارهێنانی ئەم جۆرە گرتانە گرنگە تۆمار بکرێت لەلایەن وێنەگرەوە بۆ ئەوەی بینەر هەست بەپچڕان نەکات لەبابەتەکە و (جەمپ) دروست نەبیت، هەروەها بۆ ناساندنی کەسەکە بۆ بینەر پێش ئەوەی قسە بکات، هەروەها بۆ

| ماوەی ڕاپۆرت | NRT | | K24 | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | 100 % | دووبار ە | %100 |
| کەمتر لە 2:30 | 47 | %47 | 28 | %33.73 |
| زیاتر لە 2:30 | 53 | %53 | 55 | %66.27 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 % | 83 | %100 |

نیشاندانی کەسەکە لە شوێنی کارکردنی خۆی، واتە: زیندوويي زیاتر و واقعی بەبابەتەکە دەبەخشێت.

**خشتەی 4 ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24).**

لە دوای شیکردنەی داتاو و زانیارییەکانی پەیوەست بە ماوەی ڕاپۆرتە ڕاپۆرتەهەواڵییەکان لە هەردوو کەناڵی (NRT) و (K24) دەرکەوتووە ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان (زیاتر لە 2:30) هەردوو کەناڵە بە پلەی یەکەم دێت، واتە کەمترین ڕەچاوکردنی کاتی گونجاو کراوە لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵی ئەم دوو کەناڵە.

ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ زیاتر لە 2:30 لە کەناڵی (K24) بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی 66.27% لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارییانە بۆمان دەرکەتووە تەنها لە 33.73% پابەند بوون بەکاتی گونجاو (کەمتر لە 2:30خولەک)، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بە بەراود بەستانداردە جیهانییەکانی ماوەی گونجاوەی ڕاپۆرتە هەواڵ.

ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ زیاتر لە 2:30 لە کەناڵی(NRT) ، بە پلەی یەکەم دێت، بە ڕێژەی 53%لە کاتی شیکردنەوەی ئەم داتا و زانیارانە بۆمان دەرکەتووە، کە تەنها لە 47% پابەند بوون بەکاتی گونجاوە (کەمتر لە 2:30خولەک)، ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەراورد بەستانداردە جیهانییەکانی ماوەی گونجاوەی ڕاپۆرتە هەواڵ.

دوای بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتاکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (جیاوازی ئاماری هەیە) لە ڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، جیاوازیەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی(NRT) دایە، لە زیاتر پابەندبوون بەماوەی دیاریکراوی گونجاو لەڕاپۆرتە هەواڵدا. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەگەشتە هەواڵەکانی ئەم کەناڵە بەهۆی زۆری ڕاپۆرتە و بابەتی جیاواز دەیانەوێت بە کەمترێن کات زۆرترین ڕاپۆرتە هەواڵ پیشکەشی بینەرەکانیان بکەن.

هەروەها سەبارەت بە کەناڵی(K24) کە ڕێژەی پابەندنەبوونی زیاترە، ماوەی ڕاپۆرتە هەواڵ بەهۆی ئەوە کەناڵێکی نیمچە حکومیەو؛ بەپێی ئەوەی ڕاپۆرتە

هەواڵییەکانیان بەشی زۆری ڕامیاری و ڕاو سەرنجە؛ بۆیە زۆرترین لێدوان بەپرسانی حکــومەت قســە دەکەن، بەمەش لێــدوان زۆر دادەنــێن، واتە: قســەکانیان زۆر دادەنرێت لەڕاپۆرت، بەمەش پێویستیان بەماوەی زیاترە.

پسپۆرانی ئێستای بواری میدیا هاوڕان لەسەر دیاریکردنی ماوەی ڕاپۆرتی هەواڵی بۆ ئەوەی بە کەمترین کات زانیاری ڕاپۆرتە هەواڵییەکان بە بینەر بگات، بەبێ ئەوەی بینەر تووشی بێزاری بێت؛ بۆیە زۆربەی کەناڵە جیهانییەکان ئێستا ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیان کەمترە لە (2:30) خولەک، لەوەش درێژتر بە ڕاپۆرتێکی گونجاوی نازانن و بینەر سەیری هەمووی ناکات تەنها لە حاڵەتی پێویست ئەوە لەم کاتە تێدەپەڕێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (4)

## دەرئەنجام

### گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:

1- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر پابەندنەبوونە بە پێوەرە هونەرییەکانی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنی.

2- لە پەیوەندیی نێوان وێنە و لە ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییەکاندا، پابەندبوونێکی لاواز هەیە بە نووسینی تێکست بۆ وێنە، لە ئاستی پابەندبوونی نموونەی توێژینەوەش جیاوازییەکی ڕێژەیی کەم دەبینرێ.

3- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە وێنەگرتنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیاندا پابەند نەبوونە بە پێوەری (Cutaway) کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پیشەگەرییدا، وەك پێوەرێکی هونەریی وێنەگرتن کاری پێدەکرێت لەکاتی چاوپێکەوتن لەڕاپۆرتە هەواڵدا.

4- لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زۆرترین گرتەی بەکارهاتوو بریتیە لە. Long ) Shot- Medium Long shot- Medium Shot)، بە پێچەوانەوە، گرتەی (Close up shots- Extreme Close ) کەم بەکارهاتووە، ئەم دوو گرتەیە زیاتر کار لەسەر دەرخستنی وردەکاری بابەتەکە دەکات.

5- زۆربەی ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پابەند نەبوونە بە کاتی ستانداردی ڕاپۆرتەهەواڵ کە بریتییە لە (کەمتر لە 2:30خولەک ).

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە بەزمانی کوردی:


1- ئیراهیم ,د.ئاریان.(2021) شێوازەکانی نووسینی ژانەرە ڕۆژنامەوانەیەکان .هەولێر : چاپخانەی زانکۆی سەلاح الدین.

2- بەدران، عبدالله(2010): هونەرەکانی هەواڵ لە ئاژانسەکانی هەواڵدا، و .محەمەد علی وەلی .هەولیر :، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەکەم .

3- سدقی ,مەنسوو(2008)، هەوال،ڕاپۆرت و وتوێژ .دهۆک :چاپخانەی خانی)دهۆك، چاپی یەکەم.

4- سعید ,ابراهیم(2015) .وانەی ژانەر .سلێمانی :زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان،بەشی ڕاگەیاندن، قۆناغی 4تەلەڤزیون.

5- سعید، بەختیار حمید(2022): ڕۆڵی وێنەگری تەلەفزیۆنی لەتەکنیکی بەرهەمهێنانی میدیایی لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاند، هەولێر، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاح الدین.

6- ئەحمەد، حەسەن، نەبەز، بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی، ماستەرنامە، سلێمانی، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا.

7- ڕەحمان، ئەرسەلان(2022): چارەسەری هەواڵیانە بۆ دیاردەی تیرۆری فیکری لە وێبسایتە هەواڵییەکان، هەولێر،: ماستەرنامە، زانکۆی سەلاح الدین.

8- ڕەحمان, ئەرسەلان(2015): وەرگرتنی لێدوان.هەولێر: بابەتی پەیمانگەی بی بی سی بۆفێربوونی ڕۆژنامەوانی.

9- خان،هاوار مستەفا.سینەماتوگراف،(2018): سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

10- عبدالرحمان، فەرمان(2009): ڕۆژنامەگەری تەلەفزیۆنی سلێمانی: چاپخانەی کارۆ،.

11- محمد، سە رکە ش(2019): جۆرە کانی فیلم و بە رهە م هێنانی، سلێمانی، بە ڕێوبە رایە تی گشتی کتێبخانە گشتیە کان.

12- عبدالرحمان ,فرمان.(2019): ڕۆژنامەگەری تەلەڤزیۆنی،بەرهەمهێنانی ڤی تی ودۆکیومێنتاری .سلێمانی :چاپخانەی کاردۆ.

13- عبدالنبی ,سلیم.(2010): الاعلام التلفزيوني .عمان :دار اسامة للنشر والتوزيع.

14- عبدوالخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان ڕەحمان(2010) .کارامەیی نووسین لە ڕۆژنامەگەری چاپکراووئەلیکتۆنی .هەولێر :چاپخانەی حاجی هاشم .

15- تەوەکولی ,ئەحمەد.(2007): ڕاپۆرت نوسین لە ڕاگەیاندندا، و.جوامێرمارابی . سلێمانی :، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم.

16- کەرکوکی ,حبیب(2018): .پێشەکیەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن،و-رابەر ڕەشید . دهۆک :چاپخانەی خانی

17- عمر ,هاوژین(2013) .تەکنیکی نوسینی میدیایی، .هەولێر :چاپخانەی موکریان ., 2013.

18- محمد، نیاز(2010): ڕێبەری ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ.،سلێمانی، خانەی هزر بۆ چاپ، چاپخانەی گەنج.

19- مەنسور،برزۆ ئیسماعیل((2010): پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەفزیۆن، هەولیر چاپخانەی ڕۆشنبیری.

20- ئەلئەمین، ئیسماعیل(2009): نووسین بۆ وێنە، وەرگێرانی محەم بورهان قانع.سلێمانی، لە چاپکراوەکانی چاودێر.

21- 12- 6 2, 2015. https://www.kurdistan24.net/ckb/about (accessed 6 17, 2022

22- nrt،.nrt،.2010 ,11 25،.accessed) https://nrttv.com/About.aspx 6 17, 2022).

## دووەم سەرچاوەکان بەزمانی عەربی:

1- السعدي ,شريف سعيد حميد(.2008): التقارير الإخبارية في القنوات الفضائية العراقيه .بغداد :رسالة ماجستير،جامعة بغداد كلية الإعلام ,

2- البقالي، محمد(2022): كيف تحكي القصة في التلفزيون، التقرير التلفزيوني الميداني، قطر، معهد الجزيرة للإعلام،.

3- العاني، عظيم كامل الجميلى(2012): ثناء اسماعيل.صناعة الاخبار الصحفية والتلفزيونية، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع.

4- اللطيف، ابراهيم عبد الباقي عبد(2018): دراسة استحداث معايير مهنية للتغطية الإخبارية المصورة في نشرات الأخبار بتلفزيون جمهورية مصر العربية.مصر، مجلة العمارة والفنون والعلوم الانسانية-العدد (3 ).

5- دفاك،مصطفى عبيد(2020): المرئي والامرئي في الصورة التلفزيوني، الامارات، الشارقة، مجله جامعه الشارقه للعلوم الانسانيه العدد(1).

6- ديلاها، مايكل،الصحافه التلفزيۆنيه(2016)،ارشادات اساسيه لأعداد التقارير التفزيۆنيه، قطر، مركزالجزيرة الأعلامي، للتدريب والتطوير.

7- صادق، رانيا ممدوح(2012): الاعلان التلفزيوني، التصميم والانتاج،عمان: دار اسامة للنشر و التوزيع.

8- عەبداللە، عەدالەت(2016) التقرير الاخبارى التلفزيونى فى الفضائيات الكردية الاخبارية في اقليم كوردستان العراق، طرابلس- لبنان، رسالة ماجستير-جامعة لبنان،كلية الاعلام-قسم الاذاعة والتفزيؤن.

9- قاسم, د.حسن على(2019) التصوير التلفزيونى، الأسس، المباده والتقنيات.القاهيره، العربى للنشر والتوزيع.

10- مظفر، مندوب العزاوي.التلفزيون و دوره التربوي فى حياة الطفل العراقي، بغداد، دار الحرية للطباعة،1983.

11- قاسم،عبدارحيم محمد،(2022): تقنيات تصوير الافلام الوثائقية،الخرطوم،ابر سيبال للدعاية والنشر.

## سێیەم: سەرچاوەکانی بەزمانی انگلیزی

1- Druckman, James."The power of television images: The first Kennedy‑Nixon debate." Journal of Politics, Issue,2003،: revisited" 65, Folder 2, Page 561, Edite.

2- Heiderich, Timothy(2014) 'Cinematography Techniques' The Different Types of Shots in Film [online].lonan: https://oma.on.ca/en/contestpages/resources/free-report-cinematography.pdf.

3- Hemminway, Emma (2008) into the newsroom.kanada: this edition published in the taylor,frncis e-library.


## Technical Standards for Television Photography in News Reports (NRT and K24 channels) as a model


**Mahamad Omer Salh**

Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

mohammed.saleh@epu.edu.iq

**A.P D.Serwan Anwer Majeed**

Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Serwan.majeed@epu.edu.iq



Abstract:

This research paper is a scientific effort that deals with the commitment of Kurdish satellite channels to the technical and scientific foundations and standards.This research relied on a descriptive approach, using content analysis, and the research community included the news reports of the Kurdish satellite channels, and the sample of the community is the news reports of the (NRT) and (k24) satellite channels.Moreover, the importance of this research is summarized in the fact that journalists are increasing their knowledge of what is video shooting, and its relevance to the content of news reports; As well as paying attention to shooting angles when preparing the report or any television program; In line with the text attached to the video.

This research achieved a number of results, the most important of which are: The Kurdish satellite channels have adhered to the technical and photographic standards of television, and the most prominent of those errors that resurface in the Kurdish channels lies in the first clip, which relied on the clip ((MEDIUM SHOTS)).Instead of the clip (LONG SHOTS), the majority of news reports on Kurdish channels did not adhere to the specified time, which is less than (2:30 minutes).


Keywords: technical standards, television photography, news reports